www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 21-7-2006 13:25

## كچ و وەرزش لەكۆمەڵگای كوردیدا ... هەستیار غەمگین

لەم چەند ساڵی دوایدا بەهۆی ئەو تەوژمە زۆرەی تەكنۆلۆژیاوە كەڕووی لەوڵاتەكەمان كردوە تاڕادەیەک ئەتوانرێ لەچاو ساڵانی ڕابردوودا جێگای دڵخۆشی بێت.
بەڵام تێكڕای ئەو پێشكەوتن و داهێنان و ئیبداعە لەوڵاتی ئێمەدا تەنها جێندەری پیاو لێی (مستەفید) سودمەند بووە، واتای ئەو پێشكەوتنە هەر زەمینە سازی بۆجێندەری نێركردبوو كەئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و بەرەو قوڵایی داهێنان هەنگاو بنێ.
بەڵام لەگەڵ پێشكەوتنی كۆمەڵگاو كاڵبوونەوەی بازنە تابوكراوەكاندا جێندەری ژنیش لەو بوارەهاتنە پێش و لێرەو لەوێ تاک تەرا دەركەوتن.
بەڵام بابەتەكەی من سەبارەت بەو كارەیە كەسەر دەمانێک لەمەو بەر نەک تابوكراو بەڵكو ئەنجامدەرانیشی لەنێو كۆمەڵگەدا بەدیدێكی لێیان دەڕوانرا، ئەویش یاری تۆپی پێیە.
ئەوەندە نابێ یاری پۆپی پێ لەنێو میللەتی كورددا بۆتە جێگای قسەو باسی خەڵک و تاڕادەیەكیش جمورێكی زۆری لەخۆی كۆكردۆتەوەبەتایبەتی گەنجان، لەبەر ئەوەی لەو ساڵانەی دوایدا لەبەر نەبوونی لایەنی دارایی خەڵک تاڕادەیەک نەیدەتوانی مومارەسەی حەزو خولیاو ئاواتەكانی بكات.
بۆیە كەمتر بەلای ئەو وەرزشەدا ئەچوون، بەڵام ئەمڕۆ تاڕادەیەک ئەتوانی ئەو كاتەی بۆفەراهەم بێ.
لەبەر ئەوەش لەڕووی كۆمەڵایەتی ئەتنی و ئاینیەوە ئەو وەرزشانە بۆجێندەری كوڕ فەراهەم دەكرا، بەڵام سەبارەت بە ئافرەت ئەوە هەر بۆیان نەبوو قسەی لەبارەوە بكەن نەک خۆیان ئەنجامیشی بدەن.
بەڵام وەكو لەئەوەڵەوە ئاماژەم پێدا هیچ شتێک بەو جۆرە ڕەهاییە نامێنێتەوە گەر سلبیاتی نەبێت لەسەر باری فەسلەجی بایۆلۆژییەكەی، بۆیە كچانیش خۆیان هاویشتە ئەم بوارەوە.
لەو كاتی مۆندیال و یاریەجیهانیانەدا كە ڕێژەیەكی زۆری خەڵكی لەدەوری خۆی خڕكردبۆوە و پێوەی سەرقاڵ بوون، جێگای دڵخۆشیە كەڕەنگە بڵێم بەشێكی ئەو جمورە زۆرە كچانن.
من شەوانە ئەوەندەی بۆم بكرابا تەماشای مۆندیالم ئەكرد، بەڵام لەو كاتانەی یەكێک لەو تیپانەی كە لەنێو خەڵكیدا جمورێكی باشی هەبوو گۆڵێكی ئەكرد لەو كاتەدا لەلایەن چەند كچێكی هاوەڵمەوە (میسجم) بۆ دەهات كەپیرۆزبای یان پێناخۆشحاڵی ڕادەگەیاند بەوەی كەمن جموری فلانە تیپ بووم و ئەویش لەنسكۆدابوو، ئەمە جێگای خۆشحالیە كەنادیەكان بەڕێژەیەكی بەرچاو جێندەری كچی تێدایەو خۆیان لەهەموو بوارەكانی وەرزشەوە داوە، جا بەهیوای ئەوەی چۆن لەبواری وەزشدا كچان جێگای خۆیان دەرخستووە لەبوارەكانی تریشدا خۆیان وەدۆزێن، وەكو بواری نوسین و ڕۆژنامەنووسی كەئەمەشیان فاكتەری یەكسانی هەردو جێدەرە.

Hastiar2006@yhoo. com